# ئابلۆقە سە پێنراوەکان کاریگەری لەسەر ئابوری ئێران داناوە

ڕۆژنامەی لوموند ڕۆژی چواری بانەمەڕ نووسی: بەپێی لێکۆڵینەوەیێك کە دەوڵەتی فەرانسە ئەنجامی داوە، سەپاندنی ئابلۆقە نێودەوڵەتیەکان بەسەر ڕژیمی ئێران، کاریگەری خۆی داناوە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە، ئابوری ئێران لەساڵی ٢٠٠٧ بەپێچەوانەی بەراوردەکان ٦ لەسەد نەبووە و لەنێوان یەك تا یەك و نیو لەسەد دابەزیوە. لوموند دەنوسێ: ئەو کاریگەریە، پیشەسازی نەوت و گازی ئێران دەگرێتەوە لەبەر ئەوە ئەو پیشەیە لە دە ساڵی داهاتودا پێویستی بە سەد ملیارد دولار سەرمایەی دەرەوەیی هەیە. ئەو پێداویستیە لەوە دەچێ ببێتە هۆی ئەوەی کە لە ساڵەکانی ٢٠٢٢ تا ٢٠٣٥ ڕژیمی ئێران ناچار بێ نەوت بکڕێ. لێکۆڵینەوەی ناوبراو دەری دەخا کە فشارە داراییەکانی ئەمریکا لەدژی ڕژیمی ئێران، بانکە عەرەبیەکانی لە موعامەلە لەگەڵ ڕژیم سارد کردۆتەوە. لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی لوموند دا هاتووە: ئابوری ئێران لەچاو ئابوری وەڵاتانی ناوچەکە ئابورییێکی لاوازە، بەڵام ڕژیمی ئێران لەسەر قسەی خۆی پێداگرە کە دەڵێ: مل بۆ فشارە نێو دەوڵەتیەکان داناخات. هەروەها دانێل گیلیسر، جێگری بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا ڕایگەیاند ئابلۆقەکان لەدژی ئێران بەمەبەستی ڕێگە گرتن لەدەست گەیشتنی بەچەکی ئەتۆمی و پشتیوانی نەکردنی لە تاقمە چەکدارە ترۆریستیەکانەو کاریگەریشی هەبوە. ناوبراو زیادی کرد زۆربەی بانکە نێودەوڵەتیەکان بەشێوەی دڵخوازانە موعامەلەی خۆیان لەگەڵ ڕژیم ڕاگرتووە. ئابلۆقەکان بەسەر چەرخەی ئابوری ڕژیم لەسەر بارودۆخی کەشتی ڕانیش کاریگەری داناوە و تووشی لاوازی کردوە. هەواڵدەری فەرانسە ڕاپۆرتی دا کە کۆمپانیای سەرەکی کەشتیەوانی ڕژیمی ئێران ڕایگەیاندوە کە ئابلۆقە سەپێندراوەکان کاریگەری لەسەر داناون. لەئاکامدا پیشەسازی کەشتیەوانی چ لەلایەنی ماڵی و نەزم و نیزامی ناوخۆیی و چ لەلایەنی ئابلۆقە نێودەوڵەتیەکان، کەوتۆتە ژێر فشاری دوو بەرانبەر. لە ئێستادا ٥٠ لەسەدی شت و مەکێك کە بەکەشتی دێتە ئێرانەوە، خاوەنی پەرچەمی وەڵاتانی دەرەوەن و ئەوەش بۆتە هۆی گران بوونی شت و مەك لە بازاڕدا. هەواڵدەری فەرانسە زیادی کرد کە شیرکەتی (بوسکۆ) لقێك لە دامەزراوەی

فەقیرو بێ پەنایان ـ ئۆرگانێکی بەهێزە کە لەژێر کۆنترۆڵی خامنەیی دایەو خاوەنی میلیاردها دولارە، ناچارە لەبارەی کەشتیەوانیەوە پەنا بەرێتە بەر لایەنی دەرەکی کە یا گاڵ دێنێ یا پەمۆ. سیستەمی بانکی ڕژیم زیانی گەورەی وێ کەوتووەو لەئێستادا زۆربەی بانکە ئوروپایی و ئاسیایەکان لەگەڵ ڕژیم معاملەیان پچڕاندوە. ئابلۆقەکان لەسەر کۆمپانیا خارجیە دەرهێنەرە نەوتیەکانیش کاریگەری داناوە. ڕۆژنامەی گاردیەن لەبارەی ڕازی نەبونی کۆمپانیا نەوتیەکان بە موعامەلە لەگەڵ ڕژیم، دەنوسێ: هۆی سەرەکی ئەو بابەتە نیگەرانی سەبارەت بە پاشهاتی ئابلۆقە نێودەوڵەتیەکان و دژ کردەوەی دەوڵەتی ئەمریکا بەدانانی سەرمایەیە لەئێران. وەڵاتە یەکگرتووەکان هەرجۆرە موعامەلەییێکی شیرکەتە دەرەوەییەکانی لەگەڵ ڕژیم قەدەغە کردوە. ئەو کۆمپانیانەش ئامادەنین پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا بکەنە فیدای پێوەندیەکانیان لەگەڵ ڕژیمی ئاخوندی. فشاری ئابلۆقە سەپێنراوەکان لەدژی ڕژیمی ئاخوندی بەشێوەییێکە کە دەسەلاتدارانی ڕژیم و تەنانەت پاسدار ئەحمەدی نژاد کەبەر لەوەش هەوڵیان ئەدا گرینگی پێ نەدەن. ئێستا ددانی پێدا دەنێن و کەوتوونەتە پاڕانەوە. پاسدار ئەحمەدی نژاد ڕۆژی هەینی ٧ی بانەمەڕ لە قسەگەلێکدا لە هەمەدان بە پێچەوانەی ئیدیعای پێشووی، ددانی بەکاریگەری قوڵی ئابلۆقەی نێودەوڵەتی بەسەر ڕژیمی ئاخوندی داناو گوتی: لەوانەیە فشار بخەنە سەر میللەتانی وەکو ئێمە.